# هەواڵەکانی بزوتنەوەی کرێکاری, جەماوەری و سۆسیالستی جیهانی

## –تۆغۆ

لە شەوی 27–2 پۆلیس بە بۆمبی فرمێسك ڕژێن هێرشییان کردە سەر هەزاران ژن لە تۆغۆلییەی پایتەخت , کە بە کراسی سورەوە نارەزایەتییان دەربڕی دژ بە عەباس بۆنغۆ کە کرابوو بە سەرۆکی وولآت . سور لەهەموو شوێن ئارمی نارەزایەتی و قەبوڵ نەکردنی نایەکسانییە .



## – ڕوسیا

ڕوسیا لە کاتێکدا دەیەوێت سێ مەفاعلی ناوکی بنیات بنێت , سەدان کەس لە قوربانییانی چرنۆبیل بە بانگەوازی کۆمۆنیستەکان لە مۆسکۆ ڕژانە سەر شەقامەکان دژ بە بڕیاری 122 .




–بڕیار وایە وەفدی یەکێتی دایکانی سەربازانی ڕوسی و ژنانی شیشانی لە لەندەن کۆببنەوە باس لە ئاشتی بکەن . ئەوان قوربانی ئەو جەنگە خوێناوییەن •




## – خەڵاتی ئۆسکار

زۆرترین خەڵات لە ئۆسکار فلیمی کچێك بە ملیۆنێك دۆلار بردییەوە , خەڵاتی باشترین فلیم و باشترین دەرهێنەر و باشترین ئەکتەری بەدەست هێنا .

**3300** کەسایەتی جیهان لە بواری سینەما بەشداریان لە مراسیمەکە کرد.




## مالیزییا

–نیوەی شەوی **28-2** مۆڵەتی دیپۆرت کردنەوەی سەدان هەزار کرێکاری بێگانە تەواو دەبێت لە مالیزییا , ئەم هەڵمەتەدا **800000** کرێکاری بێگانە ئەگرێتەوە , **600000** ی ئەندەنوسی و **200000** سەر بە وڵاتانی دیکەن . ئەگەر نەڕۆنەوە ئەوا سزای پارە و زیندان و جەڵدە لێدان دەیان گرێتەوە .



## —کوەیت

—پەرلەمانتارە ئیسلامییە کوێتییەکان دروشمی ( ژنان مافی سیاسییان نیە بەرز دەکەنەوە) . پاش ئەوەی دەنگۆی ئەوە هەیە ژنان مافی دەنگدان بەدەست بهێنن لە کوەیت , ئیسلامییەکان دژ بەم هەنگاوە وەستاونەتەوەو چالاکیی دژیان ڕوو لە زیاد بوونە , د.زەیف الله بورمییە ڕای گەیاند: بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام ژنان مافی سیاسییان نییە) . ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو هەوڵەیە دژ بە مافەکانی ژنان لە مەجلسی ئومە دەیدەن .

## —هۆنگ کۆنگ

—ژمارەی ملیاردێرەکانی هۆنگ کۆنگ گەیشتە **274000** کەس , **128000** دۆلاری ئەمەریگی ملیۆنێکی هۆنگ کۆنگییە .

## —فەرەنسا

—سانديكای کرێکارانی فەرەنسی ڕازی نەبوون بە دەست هەڵگرتن لەو خۆپیشاندانەی بڕیار وایە **10-3-2005** لە پاریس دژ بە بڕیاری حکومەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای**35** سەعات کار لەهەفتە ڕێکی دەخەن . حکومەت ئیدانەی ئەم خۆپیشاندانەی کرد , کە لەو ڕۆژەدا شاندی ئۆلۆمپی جیهانی سەردانی پاریسە کەن تا بزانن بە کەڵکی سازدانی یارییەکانی ئۆلۆمپی لە ساڵی **2012**دێت یان نا, ئەگەر پاریس ئەم هەلە لەدەست بدات , دەبێت چاوەڕێی **4** ساڵەکانی داهاتوو بکات .

## پۆلیفیا

—سەرۆکی پێشووی پۆلیفیاو **15** وەزیری قەول وایە بە تاوانی کوشتنی **60** خۆپیشاندەر لە ساڵی **2003** بدرێنە دادگا, کە لە جەرگەی ئەو خۆپیشاندانانەدا لە سەرۆکایەتی دەستی لەکار کێشایەوەو هەڵات بۆ وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا .

## ـمەغریب

– 130 بێکاری مەغریبی لە دەرچوانی زانکۆ, لە ئەنجامی بەرەو ڕوبونەوە لەگەڵ هێزەکانی مەغریبی , پاش خۆ بەستنەوەیان لەسەر ڕێگا گشتییەکان و بڕینی هاتوو چۆی گشتی , هێرش کرایە سەرییان لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە , تا بەزۆر ئەو شوێنەیان پێ چۆڵ بکرێت .



## ئەمنستی ئەنتەرناسیۆناڵ

دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئەمنستی , کە ڕێکخراوەکەی بە مۆم و درك دەناسرێتەوە , بیترسۆن لە تەمەنی 83 ساڵی سەری نایەوە , ئەمنستی لە ساڵی 1960 لەسەرو بەندی داوای ئازادکردنی زیندانییە پرتگالیەکان لە سەردەمی دیکتاتۆر ئەنتۆنیۆ سالازار دامەزرا , ناوبراو نۆبڵی ئاشتی وەرگرتووە . ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال ئێستا خاوەندی زیاتر لە 1,3 ملیۆن ئەندامەو ڕێکخراوێکی جیهانی کاریگەرە .



## سعودییە

ـژنانی سعودییە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنن , پاش ئەوەی مافی دامەزراندییان بۆ یەکەمجار لە دەزگاکان بەدەست هێنا , بڕیار وایە ژنان بتوانن لە وەزارەتی دەرەوەش دابمەزرێن , لە سعودییە ژنان تەنها 5٪ هێزی کاری سعودی پێك دەهێنن .




—سەدان حاجی ئەفریقی بەهۆی نەبوونی دراوی گەڕانەوە تا ئێستا لە سعودییەن, لە ژێر جسرەکان بە برسێتی و سەرما ژیان بەسەرە بەن , زۆربەیان نێجیری و سۆماڵی سودانیین , هەفتانە **300–500** کەسییان لێ دەنێرنەوە . دراوەی سەفەرییان نییە بۆ گەڕانەوە بەڵام حەجیش دەکەن , پاروی مناڵەکانییان دەکەنە سەفەری حەج و ناتوانن بگەڕێنەوە ووڵاتی خۆیان .

– ژمارەی بێکاران لە سعودییە **150000** , کە دەکاتە **4,8**٪ کرێکارانی ووڵات .

## بۆتسوانا

—لە بۆتسوانا پێشبرکێی جوانی بۆ ئەو ژنە بۆتسوانییانە ڕێك دەخرێت کە نەخۆشی ئایدزییان هەیە , **37**٪ خەڵکی بۆتسوانا ئایدزییان هەیە , ژمارەی گشتی دانیشتوانی ووڵات **1,7** ملیۆنە .

## —ووڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا

ئاپارتاید لە ئەمەریکا نەخۆشانی ئایدزیشی گرتۆتەوە , لە چارەسەرکردندا گرنگی بەڕەش پێستان نادرێت , ئەمەش وای کردووە , زۆربوونی ئایدز لەناو ڕەش پێستەکان ساڵانە **1–2**٪ زیاد بکات , لەناو سپی پێستەکانیش **0,2**٪ , ساڵانە لە ئەمەریکا **40000** نەخۆشی تازە دێنە ریزی ئایدزدارانەوەو ساڵانە **18000** بیان لێدەمرێت .

## هەڵبژاردنەکانی تاجیکستان و قیرغیزستان

—هەزاران قیرغیزی دژ بە پێشێلکاری خۆپیشاندانییان ساز کرد , هەرچەندە ئەم ووڵاتە لە شەڕی دژ بە تیرۆر لە ولاتە هاوپەیمانەکان بوون , بەڵام دەنگۆی شۆڕشی ڕەنگاو ڕەنگ چەشنی ئۆکرانیاو جۆرجیا هەیە لەم ووڵاتە .

**380** پالێوراو خۆیان کاندید کردووە بۆ پڕ کردنەوەی **75** کورسی , **2,613**ملیۆن ماف دەنگدانیان هەیە لەم وولاتە , **42** پارتی سیاسی چۆتە ململانێی هەڵبژاردنەوە .

هاوکات هەمان ڕۆژ **27-2** لە تاجیکستانی دراوسێشی هەڵبژاردن ئەنجام درا . پارتی نەهزەی ئیسلامی باسی لەنەبوونی ئازادی کرد , بەلام کۆمۆنیستەکان ووتیان ئازادی بانگەشەی هەڵبژاردن هەیە , بەشداری **77,1**٪ بووە , ژمارەی کورسییەکان **63**کورسییە .

لە پەرلەمانی پێشوو لە قیرغیزستان کۆمۆنیستەکان **27,7**٪ ی دەنگەکان و سۆسیال دیموکراتەکان **16,6**٪ و سۆسیالستەکان **6,6**٪ دەنگەکانییان هێنایەوە , بەلام کورسییەکان بەشێوەیەك دابەشە کرێت کەمترینی بەر پارتەکان دەکەوێت .

لە تاجیکستانیش پارتی دیموکراتی گەل , خاوەنی بیری مارکسین **64,5**٪ ی دەنگەکان و **30** کورسی و کۆمۆنیستەکان **20,6**٪ دەنگەکان و **13** کورسی , نەهزەی ئیسلامی **7,5**٪ و **2** کورسی و ...





## نیپاڵ

مەلیك بڕیاری دا لەماوەی **3** ساڵی داهاتوو دیموکراسییەت بگەڕێنرێتەوە بۆ نیپاڵ وەك مەکرەمەی خۆی , کە ئێستا کەوتۆتە بەر ڕەخنەی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و دۆستەکانی بە تایبەت ئەمەریکاو هیند , زۆر لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان باڵیۆزەکانیان کشاندەوە لە کەتماندۆ.

-هەروەها برشندای ڕابەری ماوییەکان بڕیاری هەڵگرتنی ئابلوقەی لەسەر شارەکان هەڵگرت کە لە **13-2** بەبۆنەی **11** ساڵەی خەباتی چەکدارییەوە ڕاگەیەنرابوو , بەلام هاوکات ووتی: مانگی داهاتوو ئابلوقەکان دەست پێ دەکاتەوە تا کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆرییەت و گەڕانەوەی دیموکراتییەت . ماوییەکان تێکەڵ بە کایەی گەڕانەوەی یموکراسییەت بوونە و چالاکترین هێزین لەو بوارەدا .




## نایجیریا

–شەڕی شیعەو سونی گەیشتە نایجیرییاش , پاش پاکستاو هیند و عێراق و ئەفغانستان و کوەیت سەرباری ئێران و سعودییە شەڕی ڕانەگەیەنراو هەیە , 3 کەس گیانییان لە دەست دات , پێشتر شەڕی کریستان و ئیسلام هەزارانی بە کوشتن دا لە نایجیرییا •



## تورکییا

– بێکاری لە چارەکی کۆتایی سالّی 2004 گەیشتە 10٪ , چارەکی پێشتر 9,5٪ بوو , ژمارەی هێزی کار لەم وولآتە 21,870 ملیۆنە .

## جەزائیر

—لە بەرواری 25-2 زۆربەی کرێکارانی نانەواخانەکانی جەزائیر بە ڕێنوێنی سانديکاكانییان بەهۆی زیادبوونی نرخی نەوتەوە دەستیان دایە مانگرتنێکی سەرانسەری .

## بەلجیکا

ـــ ڕاستڕەوە نەتەوەییە فلامنیکەکان کە زمانەکەیان هۆڵەندیە داوای جیابونەوە دەکەن لە بەلجیکا , پارتی سۆسیالستیش پشتگیری لە ڕیفراندۆمێکی ئازاد دەکات , بەڵام پارتی دیموکراتی کریستان دژ بە بڕیارەکەیە .

**175** ساڵە بەلجیکا دامەزراوە , **25** ساڵە دابەش کراوە بە سەر سێ ناوچە .

## ئیتاڵیا

ـــساڵانە سیخوڕی لەسەر **25000** خەتی تەلەفۆنی هاوڵاتییان دەکرێت لەم ووڵاتە دیموکراسییەدا ,دەوڵەت **200** ملیۆن یۆرۆی بۆ ئەم کارە خەرج کردووە , لەکۆنترۆڵی قسە هاتوەکان وڕۆیشتوەکان .

## ئەڵمانیا

ـــدوێتشە بانك تا **24** مانگی ڕابردوو **1900** کرێکار لەسەر کارەکەی دەرەکات .

## لەندەن

ـــپارێزگاری لەندەن (کین لیفغستۆن) کە مارکسییە , ڕەتی کردەوە داوای لێبوردن لەو ڕۆژنامە نووسە بکات کە بە پارێزەری سەربازگای نازییەکانی چواندبوو , کاتێك وویستبوی پرسیاری لێبکات , جولەکەکان لە زوەکەوە بنگەوازی لەکار لادانییان کردووە .

ئینگلیز

–**2000** کرێکاری کۆمپانییای ڕۆڤەر کارەکانییان لەدەستە دەن , پاش کڕینی بەشێك لە کۆمپانیاکە لە لایەن چینییەکانەوە , کە دەیانەوێت بەشێك لە کارەکان بگوازنەوە بۆ چین .

## ـــشافێز

لە بەرواری 26-2 شافێز ڕای گەیاند باوەڕی بە سۆسیالیزم هێناوە , ووتی : سەرمایەداری نەیتوانی کێشەی مرۆڤایەتی لە جیهان چارەسەر بکات , باشترین وەڵام بۆ ئەم هەموو کێشەیە سۆسیالیزمە , هاوکاتات ڕەخنەشی لە سۆسیالیزمەکانی ڕابردووش گرت .

## سەڵتەنەتی عەمان

–عومان تا ئێستا 40000 پاکستانی لە وولاتەکەی دیپۆرت کردۆتەوە .

## ئەندەنوسیا

– گرانی بونی نرخی سوتەمەنی خۆشەویستی سەرۆکی کەمکردەوە , لە پرۆسەی هەڵبژاردندا وتبووی سەرکەوم نرخی سوتەمەنی بەرز ناکەمەوە ,کەچی ئێستا بەرزی کردەوە , بەڵام لە بەرواری 28-2 پاش پەرە گرتنی ناڕەزایەتییەکان ووتی: کۆمەکی هەژاران دەکەین لەبەرامبەر بەرزبونەوەی نرخی سوتەمەنی .

–بزووتنەوەی ئاتشە بڕیاری دا واز لە دروشمی سەربەخۆیی بهێنێت , کە هەر ئێستا لە هلسنکی گفت و گۆی لەگەڵ دەوڵەت هەیە . 20 ساڵە داوای ڕیفراندۆم دەکەن بە بەشداری یو ئێن .تا ئێستا 12 هەزار کەس لە ساڵی 1976 ەوە کوژراوە و 50000 سەربازی ئەندەنۆزی لە ئاتشەیە .




## هۆڵەندە

–هۆڵەندە بڕیاری دا 3 ئیمامی مزگەوت لە مزگەوتی فرقانی شاری ئایندهۆفن دەربکات , کە بۆسنی و کینیین , ئەمانە بیری سەلەفی بڵاو دەکەنەوەو هانی لاوان دەدەن بۆ جیهاد و یارمەتی مادی بۆ قاعیدە کۆ دەکەنەوە .

ئەوەی شایانی باسە قاعیدە لە مزگەوتەکانی هۆڵەندە زۆر چالاکن , لەزۆربەی مزگەوتەکان ئیمامەکان کارییان بۆ دەکەن و کۆمەکی مادییان بۆ کۆدەکەنەوە .



# کوردستان

—لەیلا زانا و پەرلەمانتارانی هاوڕێی ڕەتییان کردەوە هاوکاری کۆنگرەی گەل بکەن , بڕیار وایە لە نیسانی داهاتوو دادگایی بکرێنەوە .



# میسر

—حوسنی موبارەك بە پاڵەپەستۆی جەماوەر پاش تەشەنە کردن و گەورە بونەوەی بزووتنەوەی کیفایە , ڕازی بوو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو خەڵکی کەش دەتوانن خۆیان بپاڵێون بۆ سەرۆك کۆماری وولات , بڕیاری دەرکرد مادەی 76 لە یاسای دەوڵەت کە پەیوەندە بەم بابەتەوە دەسکاری بکرێت .

لە زانکۆی قاهیرە سەدان چەپ لە مارکسی و ناسری و لیبراڵی داوایی کۆتایی دەسەڵاتی موبارەکییان کرد لەسەر لافیتەکانیان نوسرابوو مردن بۆ موبارەك .






–

**1500** قبتی کریستانی لە شاری فیوم لە میسر خۆپیشاندانیان ساز کرد دژ بە ئیسلام بوونی دوو کیژی **23** ساڵەی قیبتی کە قوتابی کۆلێژی پزیشکیین , لە ماڵ باوکییان پاش ئیسلام بونەکەیان هەڵاتوون . لە **8** دیسەمبەری ساڵی ڕابردووش دیسان خۆپیشاندانێکی کە دژ بە ئیسلام بونی ژنی قەشەیەك بە ناوی وەفا قوستەنتین کە ببوە ئیسلام . قبتییەکان بە گوێرەی ئاماری دەوڵەت **5,3**٪ دانیشتوان پێك دەهێنن , خۆشییان دەڵێن **10**٪ دانیشتوان پێك دەهێنیین .

